# ڕۆشنبیر وەک ئاوێنەی
# ڕووە ساختەکەی دەسەڵاتی کوردی

بەختیار کەریم

زۆربەی ئەو نووسینانەی لەسەر دۆزی دکتۆر کەمال دەنووسرێن بەشێوەیەکی گشتی دەستەوسانن لە تێرامانێکی قووڵ لەو دۆخەی بەرهەمهێنی کارەساتەکەن و بە هەناسەیەکی کورتەوە دەیانەوێت ئامانجێک بپێکن بەبێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی دۆزی لەم جۆرە لەسەر ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرن. بگرە هەندێکیان گەروویان پڕە لە پاڕانەوە، دیاردەیەک کە لە خولیاکانی ئەو دەسەڵاتەدایە کە ئەم گەمە شەرمهێنە بەڕێوەدەبات. بۆ ئەوەی تەلیسمی ئەم بێباکی و هەناسە کورتییە بکەینەوە، ڕەوایە لە خۆمان بپرسین بەر لە دۆزی دکتۆر کەمال دەسەڵاتی کوردی بەگشتی و پارتی بەتایبەتی دەسەڵاتی بێخەوشی کوردانە بوون کە خولیای گەورە و گرانیان خزمەتی هەژاری کورد، قوربانی ئەنفالکراوی کورد و دۆزی کورد بوو؟ چما ئەم دەسەڵاتانە لە  ناکاوێک بوونە لیڤیاسان، ئەو وەحشی دەریایەی تۆماس هۆبز تەنزئاسا دەیکاتە مێتافۆرێک بۆ باسەکەی و پاشان ناونیشانی کتێبەکەی، ئێمەش بەم مێتامۆرفەس/بەدەعەجان (مسخ)بوونە ناکاوەی دەسەڵات سەراسیمە بووین؟ یان هەر لە بنەڕەتدا ئەم دەسەڵاتانە هەڵگری کۆمەڵێک گرفتی بونیادین کە وەک مۆرانە هەناویان دەخوات و ئێمەش دەبێت گەورەترین باج بدەین؟ بێگومان ئەم کەمتەرخەمی و بێباکییەی ڕوناکبیری کورد پێشینەیەکی فرە دەوڵەمەندی هەیە، هەروەک چۆن دەسەڵاتی کوردی بە کێشەی بونیادیی قووڵەوە دەناڵێنێت، ڕۆشنبیریش هاوشێوە گیرۆدەی گرفتە بونیادییەکانی خۆیەتی.

خەمی ئەم نووسینە تێڕامانێکی کورتە لەسەر ڕۆڵی ئاوێنە ئاسای ڕۆشنبیری کورد، ڕۆڵێک کە نەک هەر پەردەپۆشی ڕووخسارە ڕاستەقینەکەی دەسەڵات دەکات لای جەماوەر، بەڵکو هاوکات ڕۆڵی پەرچکردنەوەی وێنەیەکی ساختەی ئەم دەسەڵاتە بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی دەبینێت. بە دەربڕینێکی دی ڕۆشنبیر بۆتە ئەو ئاوێنە ئەفسوناوییەی کە وێنە شێواوەکانی ڕووخساری دەسەڵات وەردەگرێت، وەلێ لەبەرامبەردا قەشەنگترین ڕووخسار و پاکیزەترین شێوەی دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە و پەرچ دەکاتەوە.

'هەندرێن' لە ووتارێکی سەرنجڕاکێشی کورت، وەلێ چڕ و قووڵدا سەرنجمان بۆ سروشتی خێڵەکیی دەسەڵاتی کوردی ڕادەکێشێت. هەندرێن لەو وتارەدا کە دوێنێ لە 'دەنگەکان' بڵاوبۆتەوە[1]، ئەو بونیادەی بەرهەمهێنی ئەم پێشهاتەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە نەک خودی پێشهاتەکە. گرنگی ڕووداوەکە لەوە زیاتر تێپەڕ دەبێت کە ئازادی لە کەسێک بسەنرێتەوە، پێشهاتەکە زۆر لەوە فرە ڕەهەندتر و فرە ڕوانگەترە کە بتوانین ڕێگە بەخۆمان بدەین کورتی بکەینەوە بۆ دیلکردنی مرۆڤێک، وێڕای گرنگی ئەم دیلکردنە، پێویستە ڕامانمان ئاراستەی ئەو بونیادە بێت کە بەرهەمهێنی ئەم کردە نایاساییەیە، پێویستە بە جیهانبینیەکی فراوانترەوە لە ڕووداوەکە بڕوانین تا بکارین لە کاریگەرییە ئایندەییەکانی تێبگەین. لێرەدا ئێمە گرنگی بەو توێژە ڕوناکبیرە دەدەین کە بە گووتەی 'هەندرێن' "کاری پەردەپۆشکردن و چەواشەکردنی ڕاستییەکانە". بەواتایەکی تر دەخوازین ئەو ڕۆڵی چەواشەکارییەی ڕۆشنبیر بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە دەشێت زۆرێک لەم ڕۆشنبیرانە بەو ڕۆڵە سامناکەی خۆیان ئاشنانەبن. ئەم نائاشناییەش زادەی نەبوونی جیهانبینیەکی قووڵە، بەرهەمی کەمتەرخەمیە لە تێڕامنیاندا لەو دۆزانەی هاوشێوەی دۆزی هەنووکەیی ئێمەن، ئەم نائاشنەییەی ڕۆشنبیر بە ڕۆڵێک کە هی خۆی نییە، بە ڕۆڵێک کە ناچارین بیخەینە ژێر پرسیاری مۆراڵییەوە، بەشێکە لەو یاد-کورتیەی هەمووومان بەدەستیەوە دەناڵێنین، کورتییەک لە یادەوەری کە ئەو حیزبەی دوێنێ دیلی گوللەباران دەکرد ئەمڕۆ وەک هەوێن و پارێزەری دیمۆکراسی دەناسێنرێت، بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە جیهانبینی ئەم حیزبەدا ڕوویدابێت. ئەم تەرزە ڕۆشنبیرە هەموو پرسیارە مۆراڵیی و بوونگەراییەکانی خۆی خستۆتە چەکمەجەی مێزی ئۆفیسەکەیەوە کە حیزبی داکۆکیکار لە "دیمۆکراسی" بەرپرسیارانە بۆی دەپارێزێت، یان شەوانە لە باڕەکاندا تێکەڵ بە پێکێک عارەق و غەمی دەکات و وادەزانێت شانی لە هەموو بەرپرسیارێتیەکان سووک بووە. ئەگەر ئەم بێباکی  و خۆبەدەستەوەدانە تەلاقدانی هەموو ئەرکە ڕوناکبیریەکانی نەبێت، ئەدی چییە؟ ئەم تەرزە لە ڕۆشنبیر ئایندەی خۆیان و نەوەکانی داهاتو دەدەنە دەستی سەرکردەیەک، کە ئەگەر لغاوگیر نەکرێت دار و بەرد دەدات بەسەر یەکدا، چونکە دواجار سەرکردە ئەو ئاژەڵە سیاسیەیە کە سەرکردەبوونی بڵندبوونەوەیەتی بۆ مەقامی "گا". گایەک کە ئەگەر جڵەوگیر نەکرێت، وەکی ئەو گایە دەبێت کە لە بازاڕی شووشە (چینی)دا شۆق دەهاوێت. سەرەڕای گرنگی بۆچوونەکانی هەندرێن من لەگەڵ ئەو ڕایەدا کۆک نیم کە ڕۆشنبیران لە پرۆسەی بڕیاردانداا بەشدارنین، بەپێچەوانەوە خودی نەگۆڕان زادەی پرۆسەی بڕیاردانێکە کە ڕۆشنبیران پاش سیاسیەکان کاراترین توێژن لە بەڕێوەبردنیدا و داینەمۆی بەردەوامی ئەو چەقبەستنەن. وابەستەیی ڕۆشنبیر بە فرە ئاراستەیی جووڵەی دەسەڵاتەوە و گومان نەخستنە سەر سروشتی خێڵەکیی دەسەڵات جۆرێکە لە بەخشینی شەرعیەت بە دەسەڵاتێک کە لە توندوتیژیدا بۆ شەرعیەت دەگەڕێت. بەواتایەکی تر ڕۆشنبیران ئەو توێژە کاریگەرەن کە شەرعیەت بۆ توندوتیژی و لەوێوە بۆ بەردەوامی دەسەڵاتێکی خێڵەکی دەدۆزنەوە. هەندرێن ڕاستە کاتێک دەڵێت ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵی کارایان لە بڕیاری گۆڕاندا نیە، بەڵام ئەمە هاوواتای ئەوە نیە کە ڕۆشنبیران بەمەبەست وزەی خۆیان دەخەنە خزمەت بەردەوامیی دەسەڵات لە فۆرمە هەنووکەییەکەیدا، یان باشترە بڵێین کاراییان لە پرۆسەی

---

[1] بۆ بینینی نووسینەکەی هەندرێن بڕوانە "دکتۆر کەمال سەید قادر: پێشهاتێک لە مەتەڵ". لە: http://www.dengekan.com/doc/2005/12/handren25.pdf

بڕیارداندا لە نەگۆڕان جیاوازە لە ناکاراییان لە دۆزینەوەی ئەو کەناڵانەی دەکرێت لەڕێگەیەوە پرۆسەی بڕیاردان بۆ گۆڕان فەراهەم بکرێت.
با ئێستا بپرسین ئەو فۆرمی دەسەڵاتەی باسی دەکەین چیە و چۆنە؟

پێشوەخت دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە هەوڵدان بۆ ناونانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە کوردستاندا کارێکی سەخت و تاقەت پڕوکێنە، چونکە دەسەڵات بەتەواوی لەدەستی حیزبدایە و حیزبیش بونیاتنانەوەیەکی فراوانی خێڵە. ڕۆشنبیرانیش وێنەی ساختەی سیستەمێکی دیمۆکراسی بێخەوشمان بۆ دەکێشن کە خاوەنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دادگای سەربەخۆیە. لێرەدا دەبێت بڵێین کە مەرج نیە دەسەڵات و سیستەمی فەرمانڕەوایی هاوشێوەی یەکدی بن، بەڵام ئەوەی بڕیار لە چونێتی سیسیەمی فەرمانڕەوایی دەدات ئەوانەن کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، تا هەنووکەش دەسەڵات لای ئێمە دیوەی دووەمی دراوێکە کە دیوی یەکەمی توندوتیژیە، دەسەڵات هێشتا ئەو پێناسە وێبەریەی تێنەپەڕاندوە کە براوی وایە دەسەڵات قۆزتنەوەی "گشت دەرفەتێکە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بۆ سەپاندنی ئیرادەی کەسێک تەنانەت ئەگەر لە دژی بەرهەڵستیش بێت" (Weber, in Habermas, 1986, p.75). ئەم پێناسەیەی ماکس وێبەر نیشانمان دەدات کە لە هەناوی دەسەڵاتی کوردیدا توندوتویژی دڵێکی کارایە، گەر لە لێدان کەوت دەسەڵات کۆتایی پێدێت. دەکرێت ئەمە وەک درێژکرنەوەی دەسەڵات لای خێڵ و گواستنەوەی بۆ نێو حیزب ببینین، بەڵام سەرقاڵیی سەرەکی ئێمە لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە لە پەنهانکردنی ئەو ڕووە ڕاستەقنەیەی دەسەڵات، نمایشکردنی توندوتیژیەکانە وەک پرۆسەیەکی یاسایی و خاوەن ڕەوایی و شەرعیەت.

دەکرێت ئەو دۆخی نمایشکردنەی دەسەڵاتی کوردی لەلایەن ڕۆشنبیرەکانیەوە بەو ستراکچەرە "پیاز ئاسایە"ی هانا ئارێنت بچوێنین، ستراکچەرێک کە ئارێنت بۆ دەسەڵاتی تۆتالتار دەیکێشێت، تا لەڕێگەیەوە ئەم جۆرە لە دەسەڵات لە جۆرەکانی دەسەڵاتی ستەمکاری (tyranny) و ئەوتۆرتێر (authoritarian) جیابکاتەوە. لە سەنتەری ئەم ستراکچەرەدا لە جێگایەکی وەک بەتاڵدا سەرۆک نیشتەجێیە، بە وتەی ئارێنت ئەم "پیاوە" هەرچیەک دەکات لە ناوەوەڕا دەیکات، نەک لە دەرەوە وەک دەسەڵاتی ئەوتۆریتێر و نەک لە سەرەوە وەک دەسەڵاتی ستەمکار. سەرۆک پیاوێکە هەمیشە و هەردەم لە ناوەوەڕا کار دەکات، کاتێک وەک دەسەڵاتی ئەوتۆریتێر بەشەکانی جەستەی سیاسەت پێکەوە دەلکێنێت، واتا گۆڕەپانی سیاسەت تا دوا ئەندازە بەرتەسک دەکاتەوە، یان کاتێک وەک دەسەڵاتی ستەمکار دانیشتوانەکەی دەچەوسێنێتەوە و لە ئازادیان بەتاڵ دەکاتەوە و لە کویلەیی سیخناخ، هەمیشە و هەردەم سەرۆک لە ناوەوەڕا ئەم کارانە دەکات. ڕێکخستن لەم سیستەمە کەمەندکێشەدا بە جۆرێکە کە هەر یەک لە بەشە جیاوازەکانی ئەم سیستەمە بەرەو جێگایەک ئاراستە دەکرێن و سەنتەر بەرەو جیگایەکی دیکە، هەتا خۆی وەک جیهانی ئاسایی بۆ بەشێک نمایش بکات و وەک ڕادیکاڵی توندوتیژ بۆ یەکێکی دیکە. ئەوەی کاری پەردەپۆش کردنی ڕووە ڕاستەقینەکەی دەسەڵات فەراهەم دەکات ئەو توێژە پێشەنگەیە کە ئەفسانەکان بۆ دەسەڵات دادەتاشێت. ئارێنت پێیوایە گرنگی ئەم شێوازی ڕێکخستنە کە لە بەرژەوەندی کۆی سیستەمەکەدایە لەوەدایە کە وەهمێک، درۆیەک فەراهەم دەکات، وەهمێک کە هاوکات نمایشی جیهانێکی ئاسایی دەکات و خۆشی وەک ڕادیکاڵتر لەو جیهانە نمایش دەکات (Arendt, 1968, p.99-100). هەڵە نیە گەر بڵێین سیستەمی تۆتالتار هەموو ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی تێدایە کە لە سیستەمێکی دیمۆکراسیدا بەدیان دەکەین، بەڵام ئەم هەبوونەی دامەزراوەی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هیچ لە تۆتالیتار بوونی سیستەمەکە ناگۆڕێت، چونکە دواجار ئەوە ئەرکی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەیە کە شوناس و پێگەیان دیاری دەکات نەک بەپێچەوانەوە، ئەوە کۆی سیستەمەکەیە کە ئەم دامەزراوانە ئاراستە دەکات نەک بەپێجەوانەوە. هەبوونی دوو وەزارەتی مافی مرۆڤ هیچ لە ڕاستیی هەبوونی زیندان و کانگەکانی ئەشکەنجەی ئاکرێ و قەڵاچوالان ناگۆڕێت، یان هەبوونی ژنە نووسەرێک وەک ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتێک هیچ لە چەوساندنەوەی سیستەماتیکی ژنان ناگۆڕێت.

لە تێڕامانماندا بۆ دەسەڵاتی کوردی دەکرێت بڵێین ڕۆشنبیرانی کورد لەلایەکەوە ئەو ڕووەی دەسەڵاتن کە وەک دیواری چاوبەست کردن دەکەونە نێوان دەسەڵات و جیهانی دەرەوەی خۆی و بەرجەستەی دۆخێکی ساختەی بەناو ئاسایی دەکەن، لەلایەکی دیەوە جیهانێکی بەناو ئاسایی بە ناوخۆ دەناسێنن کە تەنها لە هەندێک ئاستی ناگرنگدا جیاوازە لە جیهانەکەی خۆمان. هاوکات ئەو وەهم و دۆریەی ئەم دوو نمایشکردنەی لەسەر بنیات دەنرێت دەکرێت ناوی بنێین وەهمی دیمۆکراسی، دەتوانین دوو ئاست لەم وەهمە دەستنیشان بکەین. ئاستی یەکەم هەوڵی ئەم ڕۆشنبیرانەیە بۆ سەپاندنی ئەم وەهمە وەک حەقیقەت و ئەم درۆیە وەک ڕاستی، ئەو وەهمەی گوایا دەسەڵات بەشێوەیەکی دیمۆکراتیانە بەڕێوەدەچیت و زۆرترین ژمارە بەشدارن لە بڕیارداندا. ئاستەکەی دیکە ناساندنی وەهمی ئەو سیستەمە دیمۆکراسی و نادیمۆکراسیانەی چواردەوەرمانە، لەڕێگەی ئەمەوە دەخوازن بڵێن بڕوانن ئێمە لەوان ڕادیکاڵتر و دیمۆکراتی ترین، کاتێکیش گومان لە دیمۆکراتی بوونی سیستەمەکە دەکرێت بەراوردکاری لە نێوان ئەم سیستەمە و سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا لە بەرژەوەندی ئەم ڕۆشنبیرانەیە. ئەم پەنهانکردنەی ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵات لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەیان شێوە و فۆرم وەردەگرێت، نووسەر هەیە پێماندەڵێت ئەو دیمۆکراسیەی کوردستان مۆدێلێکی هێند ناوازەیە دەیڤد هێڵد (David Held)[2] ناچارە سەرتاپای کتێبەکەی بنووسێتەوە تا جێگەی مۆدێلی کوردی تێدا بکاتەوە، نووسەریش هەیە پێمان دەڵێت مادامەکی خانمی سەرۆک وەزیران لەگەڵ مێردەکەیدا دەنگیدا کەواتە ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە بڵندترین لوتکەی بەختیاریدا دەژین. بێگومان ئەم بۆچوونانە کە تێکەڵەیەکە لە خۆشخەیاڵی و گومڕایی ئەوەندەی بۆچوونی ئەو ڕۆشنبیرانە سامناک نیە کە هەوڵی تیۆریزەکردنی ئەو وەهم و دۆریە دەدەن، ئەم تیۆریزانانەی دەسەڵات ئەو دەمامکە ئەستورەی ڕووخساری

---

[2] [David Held] نووسەری یەکێک لە باشترین کتێبەکانی بواری زانستە سیاسیەکانە لەسەر دیمۆکراسی، لە کتێبەکەیدا دە مۆدێلی جیاوازی دیمۆکراسی لە دیمۆکراسی گریکەوە تا شێوەکانی ئەمڕۆ بە درێژی باس دەکات. بڕوانە:
Held, D. (2002), Models of Democracy, 2nd edition. Cambridge: Polity Press.

دەسەڵاتن کە هەڵماڵینی سانانیە، ئەم ڕۆشنبیرانە گەرەنتی مانەوەی دەسەڵاتن لە فۆرمە خێڵەکییەکەیدا، دەکرێت بڵێین ئەوەندەی سوپایەک خزمەتی دەسەڵات دەکەن و مانەوەی دەستەبەر دەکەن.

هەڵەیە ئەگەر واتێبگەین ئەم بەشداریەی ڕۆشنبیران لە پرۆسەی بڕیاردا بۆ نەگۆڕان دەرئەنجامەکەی خودی نەگۆڕان دەبێت، ئەمە هاوشێوەی ئەو بڕوا کۆنسێرڤەتیڤ/ئایینییە کە پێیوایە هەرچی ئەرکی ئایین بەجێبگەیەنێت ئایینە، یان وەک ئارێنت لە ڕەخنە لەم جۆرە کۆنسێرڤەتیڤی ئایینی دەڵێت "چونکی من پاژنەی کەوشەکەم بۆ بزمار داکوتین بەکار دەهێنم، کەواتە کەوشەکەم چەکوشە" (Arendt, 1968, p.102). تەواو بەپێچەوانەوە ئەو دەسەڵاتەی ڕۆشنبیران لەپێناو ئاسودەیی ماڵیی خۆیاندا ڕێگەی دەدەن وەک ئاژەڵێکی سیاسی بێ شوان لە پاوان و پەرێزەکاندا بێ لێپرسینەوە بلەوەڕێت، دواجار دەبیتە ئەو گا سەرشێتەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، گایەک کە لە تێریدا هار دەبێت و دەکەوێتە وردوخاش کردنی توحفە و چینیەکانی بازاڕی شووشە. ئەو دەسەڵاتەی بێ لێپرسینەوەی مۆراڵیی لە هەموو کەلێنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەجمێت، دەسەڵاتێکە ئایندەی ئایندەیەکی تۆتالیتارە، ئەو ڕۆشنبیرییەش کە دەستەوسان بێت لە لغاوگیرکردنی دەسەڵات، دەستەوسان بێت لە بەرهەمهێنانی دۆخێک کە دەسەڵات ناچار بێت بەرپرسیارانە وەڵامی پرسە مۆراڵیەکان بداتەوە، ڕۆشنبیرییەکە وەک ئۆردوی ستەم زامنی ئایندەی تۆیالیتاریی دەسەڵات دەکات، هاوکات گاڵتەجاڕانە ئەم سیستەمە وەک دیمۆکراسی نمایش دەکات و پێشێلکاریەکانیشی وەک بەڕێوەبردنی یاسا.

05/12/25

ئۆکسفۆرد ئینگلاند

سەرچاوە

Arendt, H. (1968), Between Past and Future, New York: Penguin Books.

Habermas, J. (1986), Hanna Arendt’s Communications Concept of Power, in Lukes, S. (ed.), Power, Oxford: Basil Blackwell, pp.75-93.